# خاڵخاڵۆکە ٤

پاشکۆی منداڵانی گۆڤاری شارباژێڕی نوێ یە

ژمارە (٤) ی هاوینی ٢٠٢٥



# ترێی شارباژێڕ



منداڵە خۆشەویستەکان:

ئەزانن بەرگی ئەم ژمارەیەی گۆڤارەکەتان تایبەتە بە ترێ، لەبەرئەوەی لە زۆربەی لادێکانی کوردستان و بەتایبەت شارباژێڕی ڕەنگین، ڕەزێکی ئێجگار زۆر هەیە، هەر ئەمەش وایکردووە هەر لە کۆنەوە ترێی لادێکانی شارباژێڕ بەباشی و نایابی ناو دەربکەن، وەک ترێی دێیەکانی: گەڵاڵەو قامیش، خەمزەو قوڵەڕەش، باراوو چنگیان، باڵخ و گاپیلۆن و چەندین شوێنی تر، کە لە وەرزی هاویندا پێدەگەن و چەندین جۆری ترێی لێ بەرهەم دێت وەک: ترێی سپی بەم شێوەیە: سادانی، مام برایمە، بۆڵمازوو، زەردە، هەنگوتکە، باخیلە، کشمیش.

ترێی سوور بەم شێوەیە: سوور، سنەیی، سووراو، سەرقوڵە، تایەفی.

ترێی ڕەش بەم شێوەیە: ڕەشکە، ڕەشمیری، بۆڵمسکە، کاژاو، چەمیلە، حەوت بەرە، زرە، پاییزە.

پێویستە ئەوەش بزانن کە هەر لە ترێ چەندین بەرهەمی تری وەک: مێوژو دۆشاوو باسوق و سجوق و سرکە، دروست دەکرێت.


خاڵخاڵۆکە ٤

ماڵی خاڵم لە کوێیە؟

ژمارە (٤) ی هاوینی ٢٠٢٥

پاشکۆی منداڵانی گۆڤاری شارباژێڕی نوێ یە

لێپرسراوی ناوەند:

ئامانج شارباژێڕی

سەرنوسەر:

سەرهەنگ عەبدولرەحمان

07701585241

دەستەی نووسەران:

ئازاد تەها - ئەنور شارباژێڕی - ئارەزوو عەبدولخالق

ناونیشان:

سلێمانی - ناحیەی سیتەک

ئۆفیسی ناوەندی ڕووناکبیریی شارباژێڕ

چاپ: چاپخانەی پاندا

دیزاین: جەلیل حسێن

وێنەی بەرگ: نەجات عەبدوڵڵا

# ئاسک

چرۆ ڕەشید



لەنێو دەشت و دارستان
باز دەدات وەک پاڵەوان
چاوی گەش وەک ئەستێرە
ئای خۆ واهات بۆ ئێرە
سەوزەگیام بۆ هێناوە
لەگەڵ ئاو بۆم داناوە
گورج و گۆڵ و ئازایە
فێری دەشت و چیایە
دڵخۆشم کە هاوڕێمە
هەمیشە چاوی لێمە
لەکاتی گەمەو یاری
هیچ کات نادەم ئازاری
دەی با بڕۆین بۆ یاری
خۆشەویستی و هاوکاری
زۆر نازدارو ڕووگەشە
ناوی ئاسکە چاورەشە
زیتەڵە و دەم بەخەندە
سەما دەکەین ئاسوودە

# شەمامە

سەردار قادر



من شەمامەی خاڵخاڵم
دیاری وەرزی ئەمساڵم
هاوڕێی بۆنی خۆشتانم
دیاری دەستی بێستانم
نەخشاوم بە خەت و خاڵ
جوانم وەکو ڕووی مناڵ
ڕەنگاوڕەنگ و ڕووگەشم
گەمەی دەست و باوەشم
لەلای هەمووان بۆنخۆشم
وەکو ئێوە ڕووخۆشم



# یاری منداڵی لادێ

نەوزاد محەمەد ئاڵانی

منداڵی لادێی دڵپاک
دڵسۆز بەدواڕۆژو خاک
یاری ئەوان زۆر جیایە
لە دەشت و دۆڵ و چیایە
هەڵبڕێنکەو حەودارێن
کۆڵ کۆڵێن و سوارسوارێن
هەڵماتێن و چاوشارکێ
بوک بوکێن و هەڵپەڕکێ
بازبازێن و مەلەکردن
سوارکەر بون و ڕاکردن
خانۆچکەو چێشتەقوڵە
جۆلانێی دوا دومبەڵە
حەج حەجێن، تەڵە ڕێوی
کەوباز گرتن لە کێوی
کێلاوبەردێن، گوستیلە
ئاوپڕژێن یان ئاشیلە

# پاسکیل لێخوڕین

داناز عەبدولڕەحمان- سوید

پاسکیلێکی نوێم کڕی
بەبێ فێربوون لێم خوڕی
لەخۆمەوە سەرکەوتم
بەڕاست و چەپ ئەکەوتم
بانگی گەشەی خوشکم کرد
ئەو منی زۆر باش فێرکرد
ڕۆژێ دوو پاسکیلمان برد
پێشبڕکێیەکمان سازکرد
من لەپێشەوە ڕۆیشتم
گەشە خێرا جێیهێشتم
وتم گەشە ڕاوەستە
بەجێم مەهێڵە بوەستە
تایەی پاسکیلی تەقی
نەیتوانی بڕوا چەقی
گەڕامەوە لای گەشە
وتم دادە مەبەخشە
پاسکیلمان چاك کردەوە
پێشبڕکێمان کردەوە
گەشەی خوشکم پێشکەوت
ئەمجارەش هەر ئەو سەرکەوت



# منداڵ و درەخت

نوسینی: بیرسەن تورکۆز گونگۆر

لەتورکییەوە: سەرهەنگ عەبدولرەحمان

سەیوان سۆندەکەی لەسەر ئەرز داناو رایکرد نەمامەکەی لە پیاوە پیرەکە وەرگرت و وتی: مامەگیان با یارمەتیت بدەم, ئەم نەمامە لەکوێ بڕوێنم؟

مام ئەحمەد وەڵامیدایەوە: لەباخچەکەدا مەیڕوێنە، لەسەر کانی رێگەکەدا بیڕوێنە. ئینجا دەستیکرد بە کێڵانی زەوییەکە.

سەیوان وتی: بوەستە مامەگیان، من دەیکێڵمەوە. پاشان دەستیکرد بە کێڵانی زەوییەکەو زۆر بە باشی زەوییەکەی شیکردەوەو نەمامەکەی ناشت.

مام ئەحمەدیش بەدەنگێکی پیاهەڵدانەوە پێیوت: بچکۆل گیان، هەر دەڵێیت بەدرێژایی تەمەنت نەمامت ناشتوە. دەستەکانت لێیان دەوەشێتەوە.

سەیوان ئاوی کردە بنی نەمامەکەو لێی وردبۆوە، سەیریکرد نەمامی گێلاسە. پاشان روویکردە مام ئەحمەدو وتی: ئەمەت لەکوێ بوو؟ چۆن بەخەیاڵتا هات کە گێلاس بڕوێنیت؟

مام ئەحمەدیش بەپێکەنینەوە وتی: لە گەڵابەیەك کەوتە خوارەوە، پڕ بوو لە نەمام، لەسەر جادەکە لێیکەوت، هەرچەند بانگم کردو ئاماژەم بۆکرد، بەڵام هەر هەستی پێ نەکرد. ئەگەر بەجێم بهێشتایە ئەوا بۆخۆی وشك دەبوو، منیش هەڵمگرتەوەو هێنام لێرە بیڕوێنم.

سەیوان بەسەرسوڕمانەوە وتی: بۆ لێرە دەیڕوێنی؟

مام ئەحمەد لەوەڵامدا وتی: چونکە دەبێت کە درەختێك بڕوێنین، بیر لە سەد ساڵی تری ئەو درەختە بکەینەوە. ئەوانەی کە هەژارن و ناتوانن بەروبومی ئەم درەختانە بکڕن با

لەبەری ئەم درەختە بخۆن. هەروەها دەمەوێت ئەو کەسانەی لەژێر سێبەرەکەیدا بحەسێنەوە کە گەرمای هاوین بێزاریان دەکات. پاشان ئەم درەختەش بۆ تۆیە. سەیوانیش نەمامەکەی گرتە باوەش و لەسەر کانییەکە دەستیکرد بە رواندنی و ناوی لێنا (داری بێکەسان). ئیتر لەکاتەوە ئەو درەختەی خۆشدەویست و مندالێکی ساوا چۆن پێویستی بە چاودێری هەیەو سەیوانیش بەم شێوەیە چاودێری دەکرد، بۆ ئەوەی نەلەرێتەوەو نەشکێ و بەباشی گەشە بکات. ئینجا چواردەورەکەی پەرژین کرد تا مەڕومالات زیانی پێ نەگەیەنێت.

چەند سالێك تێپەڕی، هەرچەند مام ئەحمەد لەژیاندا نەمابوو، بەلام سەیوان گەلێك دلخۆشبوو، چونکە هەر کەسێك بیویستایە وەکو ئەو چاودێری بکات، دەیتوانی لە بەرەکەی بخوات و لەژێر سێبەرەکەیدا پشوو بدات. هەربۆیە وتی: پێویستە مرۆڤ وا بژی کە بیر لە سەد سالی داهاتوو بکاتەوە.



نوسەرانی ئەدەبیاتی منداڵانی کورد

# نەجمەدین مەلا

ئا: ڤینا
وێنە: ئاكۆ غەریبب

نەجمەدین مەلا، کوڕی مەلا غەفوری مەلا عەلی مەلا ئیبراهیمە لەکاتی دروستکردنی شاری سلێمانی و فەرمانڕەوایی بابانییەکاندا لەسەر خواستی "ئیبراهیم پاشا" باپیرە گەورەی لە قەڵاچوالانەوە چووەتە سلێمانی و بووە بە مامۆستا لە مزگەوتێك دا. پاش جێگیربوونی ئەم بنەماڵەیە لە سلێمانی، لە ساڵی ١٨٩٨ دا نەجمەدین مەلا لەدایکبووە، کە ڕێکەوتی ساڵی ڕشانەوەکەیە ئەو ڕۆژە ڕەشەی بۆتە هۆی مردنی خەڵکانێکی زۆرو دەربەدەربوونی دانیشتوان بەرەو دێهاتەکان، هەر ئەمەش مەلا غەفوری ناچارکرد کە خۆی و خاوو خێزانی ڕووبکەنە دێی (ڕەشەکانی) شارباژێڕ کە زێدی باووباپیرانی بووە. نەجمەدین مەلا، خوێندنی لەلای حاجی مستەفای قازی و دواتر لەلای باوکی و پاشان لە سلێمانی تەواوکردووە.

مامۆستا نەجمەدین، لە سلێمانی خوێندنگەیەکی تایبەتی بۆ فێرکردنی خوێندەواری منداڵان و لاوان کردۆتەوە. کە ناوی نابوو (کەشتیی نوح). جگە لەو قوتابخانەیەش، لەبواری ئەدەبیاتی منداڵانیشدا خزمەتی کردووەو لە ڕۆژنامەی (ژین)ی پیرەمێرددا کە لەساڵانی ١٩٣٩ تا ١٩٦٣ دەردەچوو. هەندێ ژمارەی بەشێکی تیایە بۆ منداڵان کە مامۆستا نەجمەدین مەلا سەرپەرشتی کردووەو چیرۆکی بۆ منداڵان تیادا بڵاوکردۆتەوەو زۆربەیان لەسەر زمانی گیانداران بەمەبەستی پەندو ئامۆژگاری و چاوکردنەوەی منداڵ نوسیوە.

ڕۆژی ٢٣/ ٤/ ١٩٦٢ هەر لە حوجرەکەی خۆیدا و بە بێکەسی کۆچیدوایی کردو لەسەر وەسیەتی خۆی و پاش تێپەڕبوونی چەند ساڵێك تەرمەکەی برایە چیای ئەزمڕ و جارێکی تر بە خاك سپێردرایەوە.



# تاڤگەی سەرسول

ئا: خاڵخاڵۆکە

تاڤگەی سەرسول یان سەیرانگای سەرسول شوێنێکی گەشتیاری خۆڕسکە لە نزیک قەزای ماوەت کە (٥٤) کم لە سلێمانییەوە دوورەو دەکەوێتە خوار ماوەت، بەهۆی دیمەنە دڵڕفێنەکەیەوە هاووڵاتیان لە شوێنە جیاوازەکانی کوردستان و عێراق و ناوچەکەوە سەردانی دەکەن، لە مانگی ئایاری ٢٠٢٢ بە سپۆنسەری ڕێکخراوی (upp) ئیتالی ناحکومی دەستکرا بە دروستکردنی پلیکانە بۆ دابەزین و سەرکەوتنی گەشتیاران بۆ بەردەم تاڤگەکە.



ئەو ئاوەی لە تاڤگەکەوە هەڵدەڕژێ، ئاوی کۆمەڵێک کانیاوی ماوەتن کە لە تاڤگەکەوە هەڵدەڕژێ و دیمەنێکی جوانی نەخشاندووە، ئاوی ئەو سولە تا ساڵانی حەفتاکانیش بۆ ئاشی ئاو بەکارهاتووە. ئاشەکە بە بناری سولەکەوە دروستکرابوو، پێیان دەوت ئاشی سولی بایەو ئێستاش شوێنەواری ئاشەکە هەر ماوە.

پێویستە ئاماژە بەوەش بکەین کە سەرسوول تاڤگەیەکی زستانی و بەهارەیەو لە وەرزەکانی هاوین و پاییزدا ئاوەکەی کەم دەبێتەوەو چۆڕاوگەی ئاوەکەی نامێنێت.



# پیف پیف

مریەم سەعید خوا
لە فارسیەوە: ئازاد تەها

کەروێشکە خەپان لەناو گژوگیاکەدا قونە قون و هەڵبەزو دابەزی بوو، یاری دەکرد. لە پڕ ڕاوەستا و وتی: "ئای. ئای سەرم. سەرم چەند دەخورێت!؟! ڕاوەستا، سەری خوراند و دیسانەوە دەستیکردەوە بە یاری هەڵبەزو دابەز. دیسانەوە ڕاوەستا و گوێی خوراند. ویستی باز بدات، بەڵام دیسانەوە سەری خورا. خوران هەر بەردەوام بوو. تا خەپان بە تەواوی بێزار بوو بوو. توند توند دەستی بە خوراندنی گوێ و سەری کردەوە.

خەپان لە دڵی خۆیدا وتی، دەبێ مێروولە کەوتبێتە ناو قژییەوە کاتێک لە گژوگیاکەدا یاری دەکرد. خۆی ڕاوەشاند، بەڵام هیچی نەبینی.

خرپنی برای کە سەیری دەکرد، بانگی کرد و وتی: بۆ ئەوەندە خۆت دەخورێنیت؟

خەپان وتی: مێروولە، ناهێڵێت یاری بکەم، دەتوانیت یارمەتیم بدەیت؟

لەگەڵ نزیکبوونەوەی خرپن لە خەپان، لەناکاو لوتی گرژ بوو. بۆنی کرد و وتی پیف پیف چەند بۆنێکی ناخۆشە! مێروولە بە لەشتەوە نییە، وا دیارە خۆت پیس کردووە؟

خەپان وتی: بیرم نییە.

خەپان چووە دواوە، بۆ ئەوەی بە بۆنە ناخۆشەکەی خرپن بێزار نەکات. پاشان ڕایکرد تا بە تەواوی خۆی پاک بکاتەوە.





# دار گوێز

نوسینی: وەجیهە عەینعەلی
نیگاری: سەنا حەبیبی ڕاد
لە فارسییەوە: توانا نەوشیروان

باخەوانەکە تورەکە پڕ لەگوێزەکەی هەڵگرت و سەیرێکی لقەکانی تری دارگوێزەکەی کرد، هیچ گوێزێکی تری نەبینی.

ئەو نەیدەزانی هێشتا چەند گوێزێکی تر بە لقەکانەوە ماون!

هەربۆیە لەباخەکە چووە دەرەوە.

گوێزەکانی تر زۆر بێتاقەتبوون.

یەکێکیان لەوانی تری پرسی: بۆچی ئێمەی لێنەکردەوە؟

گوێزێک کە بە لقێکی بەرزەوەبوو وتی: ڕەنگە بەکەڵی نەهاتبین!

گوێزێکی تر وتی: یانی ئێمەی خۆشنەویست؟

دارگوێزەکە پێکەنی و وتی: بچکۆلەکانی من، بەوشێوەیە نییە کە بیری لێدەکەنەوە، باخەوانەکە ئێوەی لێنەکردەوە، چون پشکی ئەونەبوون.

گوێزەکان سەریان سوڕما و پرسیان: کەوایە ئێمە پشکی چ کەسێکین؟

با هەڵیکرد گوێزێک لەلقەکەی بەربووەوە و کەوتە ناو ڕووبارەکەوە.





گوێزەکە پێکەنی و هاواری کرد: تێگەیشتم دایکە! من پشکی ڕووبارەکەم.

دارگوێزی دایک هیچی نەوت.

ئاوی ڕووبارەکە گوێزە بچووکەکە پێچ دەدا و دەیخولاندەوە، ئەویش بەخۆشحاڵییەوە پێدەکەنی!

کەمێک دووری خستەوە و لەپڕێکدا ڕووبارەکە گوێزەکەی هەڵدایە ناو چاڵێکی بچووکەوە.

گوێزە بچووکەکە لەناو چاڵەکەدا گیری خوارد.

دڵی تەنگبوو، دەستیکرد بە گریان و وتی: یانی من پشکی چاڵێکی تاریکم!

چەند ڕۆژێکی دوای ئەوە، هێواش، هێواش هەر لەناو چاڵەکەدا چەکەرەی کرد.

ماوەیەک تێپەڕی گوێزەکەبوو بە نەمامێکی ساوا.

چەند ساڵێک دواتر بوو بە دارگوێزێکی گەورە.

ئێستا دارگوێزێکی تازەیش لەقەراخ ڕووبارەکەدا هەبوو.

هەرکەسێک دەهاتە ناو باخەکەوە گوێزەکانی لێدەکردەوە.

دارگوێزەکەمان ڕۆژانە لێرەوە سەیری دایکی و تەواوی باخەکەی دەکرد.

ڕۆژێکیان سەیری دارگوێزی دایکی دەکرد، باخەوانەکەی بینی تورەکەیەک گوێزی هەڵگرت و لەباخەکە چووە دەرەوە.

بیریکەوتەوە ئەویش ڕۆژێک لەڕۆژان دەنکە گوێزێکی بچووکبوو.

بەڕووی دارگوێزی دایکدا پێکەنی و وتی: کەوایە من پشکی هەموان بووم!

با هەڵیکرد و گوێزێکی بچووک لە لقەکەی بەربووەوە و کەوتە ناو ڕووبارەکەوە.

# بەدەم خەوەوە

ئاکۆ محەمەد سابیر- سوید

ورچە بچکۆل بەدەست خۆی نیە شەوانە بەدەم خەوەوە هەڵدەستێت جاری واشە هەر بەدەم خەوەوە دەچێتە ئاشپەزخانەکەیان خواردن دەخوات، دایکی لەپرخە پرخی خەودابو ورچە بچکۆل لەنیوەشەودا بەدەم خەوەوە هەستاو بۆیەکەمجار چووە دەرەوە، بەرەو گوندەکە شۆڕبۆوە، لەبەردەم پەنجەرەی یەکەم ماڵی گوندەکە وەستاو دای لەپەنجەرەکە، پەنجەرەی ژوری نوستنەکەی خەرمان بوو، خەرمان هەستاو سەیری پەنجەرەکەی کرد ورچێکی خنجیلانەی جوانی بینی، بەپەلە چوو گۆزەیەک هەنگوینیان هەبوو لەپەنجەرەکەیەوە دایە دەستی و یەکسەر خەوتەوە.

بۆبەیانی خەرمان لەخەو هەستاو گوتی دایکە ئیمشەو لەخەونمدا بەچکە ورچێک هاتە بەرپەنجەرەکەم گۆزەیەک هەنگوینم دایە، دایکی بەدەم خەندەوە گوتی: خەوێکی خۆشبووە، میهرەبانیت نواندووە، پاشان دایکی بەرچایی ئامادەکرد، هەرچەند گەڕا بۆ گۆزە هەنگوینەکە نەیدۆزیەوە

بەسەرسوڕمانێکەوە گوتی: خەرمان گۆزەکە هەنگوینەکە لەم ماڵەدا نەماوە.

ورچە بچکۆلیش لەخەو هەستاو گوتی دایکە ئیمشەو لەخەونمدا کیژێکی بچکۆلەی جوان یەک گۆزە هەنگوینی پێشکەش کردم. دایکە ورچ گۆزە هەنگوینەکەی بینی

لەسەر مێزی ئاشبەزخانەکە، بیری کەوتەوە کە دوێنێ ئێوارە بیرچووە دەرگای دەرەوە قوفڵ بدات.





# قوقو خان









کەرەستەی پێویست: کارتۆن، مقەست، چەسپ، هەندێک لۆبیا، فلچە

١- ئامادەکردنی هەندێک لۆبیا، لۆبیای سپی و سور و دەنکی گەنمەشامی و نیسکی سور.

٢- وێنەی کەڵەشێرێک لەسەر کارتۆنەکە دەکێشین و بە یارمەتی کەسێکی گەورەتر لەخۆمان چواردەورەکەی دەبڕین.

٣- بە فلچە چەسپ لە وێنەکە دەدەین.

٤- سەرەتا چاوی، پاشان هەموو لەشی کەڵەشێرەکە بەو دەنکە لۆبیاو نیسک و گەنمەشامییانەی کە پێمانە، پڕ دەکەینەوە.

٥- دەنکەکان بە وردی و بە ئارامی دەچەسپێنین، بۆ ئەوەی کارێکی جوان و ڕێک و پێک دەربچێت.



# مراوی باڵ شکاو



سەلاح نیساری- بۆکان

دوای حازر کردنی وانەکان، دەچوونە حەسارەکە و دان و ئاویان بۆ مریشک و قاز و مراوییەکان دادەنا. ئارام و ژینا ئاوەڵ دووانە بوون، کاروان و کەژاڵ ئەوەندەی دەچوونە گەشت و سەیران، کاروان چەکی ڕاوی دەکردەشانی و ئارام و ژینا، دەفتەر و قەڵەمیان دەخستە جانتاکان و لەگەڵ خۆیان دەیانبرد. دوای ئەوەی لە شوێنێکی خۆش دادەنیشتن، کاروان تفەنگی ڕاوی دەکردە شانی و دەکەوتە ڕاوی باڵندە و کەروێشک. بێجگە لە بەشە خواردنی نیوەڕۆ، ئێوارە، چەند کەروێشک و کەو و مراوی دەبردەوە. ئارام و ژینا بە دیتنی ئەو کەروێشک و باڵندە کوژراوانە زۆر عاجز دەبوون و حەزیان بەو کارەی بابیان نەدەکرد. هەربۆیە دەستیان کرد بە وێنەکێشان. سەرەتا وێنەی دارستان و مێرگ و کانی و زەنوێر و ڕووبارەکەیان کێشا. ئەوجار هێلانەی بەتاڵ و هێلانەی ئەو جووجەڵانەی چاوەڕوانی گەڕانەوەی دایکیان بوون. ئەو بێچووە





کەروێشکانەی لەبەر دەرگای کونەکانیان مەحتەل بوون دایکیان وەگەڕێ.
وەختێ وێنەکان تەواو دەبوون بەدڵی خۆیان ڕەنگیان دەکردن و لە تابلۆیان دەگرتن. تابلۆکان زۆر بوون، ڕۆژێک کاروان پیکابەکەی لەبن کەڵەبییەک ڕاگرت. ئارام و ژینا لەگەڵ دایکیان دابەزین و چوون بۆ سەر کانییەکە ئاوبێنن. لەو دارستانە خۆشە دا دەنگی هیچ ئاژەڵ و پەلەوەرێک نەدەهات. کاروان چەک لەشان بەرە و ڕاوگە ڕۆیشت. ئارام و ژینا، بیست تابلۆیان لە پشتی پیکابەکە داگرت و بردیان بە پەلی دار و درەختەکانەوە هەڵیانواسی. کەژاڵ دەستخۆشی لە منداڵەکانی کرد. چاوەڕوان بوو کاروان بگەڕێتەوە. وەختێک کاروان هاتەوە هەردوو لاقی مراویەکی باڵ شکاوی بەدەستەوەبوو سەری مراویەکە شۆڕ ببۆوە و جارجار لە ڕانی دەدرا. لە دوورەوە هەرای کرد: کەژاڵ زۆر سووڕامەوە تەنیا ئەو مراویەم دەستکەوت، بۆ نیوەڕۆ بۆمان ببرژێنە. منداڵەکان یەک دەنگ گوتیان. ئێمە گۆشت ناخۆین!
کاروان مراوییە باڵ شکاوەکەی لەبەردەم کەژاڵ دانا. مراوی باڵ خوێناوی ویستی بفڕێ، بەڵام نەیتوانی. کەژاڵ گوتی: دا ئاوڕێک بدەوە و سەیرێکی ئەو دار و درەختانە بکە. کاروان ئاوڕی دایەوە، چاوی بە تابلۆکان کەوت، سەری سووڕما، وێنەی کۆتر و قەل و کەو وسۆسکە و کەروێشک و مراوی، بیست تابلۆی ڕەنگینی چاو پێکەوت.
کەژاڵ گوتی: ئارام و ژینا دەڵێن ژینگە بە ئاژەڵ و باڵندەوە جوانە. باوکمان ئەگەر بەقسەمان بکات، چەکی ڕاوی بشکێنێت و وازبێنێ لە کوشتنی ئاژەڵ و باڵندە. کاروان تەماشایەکی منداڵەکانی کرد و سەری بۆلای وێنەکان وەرسووڕاند، نەختێک بیری کردەوە و بەخۆیدا چۆوە، گوتی:
لە ئەمڕۆوە تەرکی ڕاوکردن دەکەم، ئەم چەکەش هەڵدەگرم بۆ پاریزگاری کردن لە ژینگە. ئەو ڕۆژ بە خۆشی و شادییەوە گەرانەوە بۆشار، مراویە با شکاوەکەیشیان بردە بەیتەری باڵی بۆ هەڵبەستنەوە و دەرمانی بکەن.



# چاوشاركێ

ئا: ئارەزوو عەبدولخالق

چاوشاركێ، جۆجۆ يان قەرەقەرە. يارييەكی كۆنی بەناوبانگی كوردەوارييە لەناو منداڵان، كە بەلانی كەم لە نێوان سێ كەس (يان زۆربەی كات چوار منداڵ يان زياتر) ئەنجام دەدرێت. پاش فيكلانكۆ يەكێك تێ ئەكەوێ و ئەچێتە سەر شار و ڕووئەكاتە ديوارەكەو چاوی ئەنوقێنێ. ئەوانی تريش خۆيان ئەشارنەوە لەو كەسەی كە چاوی داخستووە، ئەو كەسەی چاوی داخستووە تا دە ئەژمێرێ و ياخود قەڵا يەک و قەڵا دوو، قەڵا سێ ئەكات و ئەڵێت خۆتان بگرن هاتم.

ئينجا بە شوێنياندا دەگەڕێ هەتا بيانبينێ و بڵێ جۆ و تێبكەون، زۆر جاريش لە سەر شار دوور ئەكەوێتەوەو يەک دوانێكيان نابينێ كە بەدزييەوە بەرەو ئەو شوێنە ئەچنەوە كە چاوی لێی نوقاندووەو دەست لە شوێنەكە ئەدەن و ئەڵێن شار چۆڵ. ئەوەی گەيشتە سەر شار و وتی شار چۆڵ ئەوە تێ ناكەوێت، بەڵام ئەوەی نەگەيشتە سەر شارو گيرا تێ ئەكەوێت.

# کەروێشک

ئا: گۆڤاری خاڵخاڵۆکە

کەروێشک ئاژەڵی مەمکداری قەبارە بچووکن، لە سەرانسەری جیهاندا زیاتر لە ٣٠ جۆری هەیە، کۆمەڵایەتین و پێکەوە بە کۆمەڵەی گەورە دەژین، بۆ خۆ شاردنەوە لە ڕاوچی و ئاژەڵە دڕندەکان ئەوا زۆرینەی چالاکییەکانیان لە زەردەپەڕ و بەرەبەیاندا ئەنجام دەدەن، بۆ ڕاکردن لە کاتژمێرێکدا دەتوانێت ٢٩ کم ببڕیت، تەمەنی دەگاتە ٨ ساڵ، بەڵام لە کاتی ماڵی کردنی و گرنگیپێدانی زۆر تەمەنیان دەگاتە ١٠-١٢ ساڵ.

کەروێشک لە ژینگەی کوردستان و شارباژێڕی خۆشمان هەیەو دوو جۆرییان هەیە (کەروێشکی کێوی، کەروێشکی ماڵی).

ئەم جۆرە ئاژەڵە ٤٠ شەو جارێ بێچووی ئەبێت کە لە ١٠ بێچوو کەمتر نین. کەروێشک بۆ زەمینە خۆشکردن بۆ کاتی زاوزێی هەوڵی هەڵکەندنی چاڵێکی قوڵ و درێژ دەدات. لە ناوەوە ژوری زۆر لە خۆ دەگرێت، لەگەڵ ژمارەیەک دەروازەی چوونە ژورەوە و هاتنە دەرەوە بۆ خێرا دەربازبوون لە ئەگەری هەبوونی مەترسی.

کەروێشکەکان ئاژەڵی ڕووەکخۆرن، هەموو جۆرە گیا و ڕووەکە ڕەقەکانی وەک برۆکلی و کاهوو و کەلەرم دەخۆن، ئەگەر ئەوەشیان دەست نەکەوێت میوە و تۆو و ڕەگ و خونچە و قەدی درەختەکان دەخۆن.



# ماڵ پاککردنەوە




له جێگەی بەتاڵی
چوارچێوەکان و سەعاتی
دیواردا سەیری سەر
دیوارەکە بکە.
هەر کام بە هێڵێک بە
شوێنی خۆیان بگەیەنە.
باوکە دەیەوێ
تەپڵەکێک دروست
بکات. ئەو برغویەکی
بەدەستەوەیە. چەند
برغوی تری دەوێت تا
تەپڵەکەکە دروست بکات.
هێڵ بە دەوریاندا بهێنە.
دایە گەورە ئینجانەکان
ڕێکدەخات و گەڵاکانی
هەر ئینجانەیەک بژمێرەو
لەژێر شێوەی گەڵای خۆیدا
ببینووسە.

کوردەواری

# بەرچنە



ئا: ئەنوەر شارباژێڕی

لە سەبەتەیەکی شێوە قوچەکی پێکهاتووە کە بە زۆری لە (شوڵ_ لقە داری ڕێک و بێ گرێ و باریک و تازە)ی داری بی هەندێک جاریش لە داری تری وەک بەڵاڵووک و چوالەو هەنارو چنار دروست دەکرێت، بەشێوەیەک لە بنەوە باریکە، دواتر لە ناوەڕاستەوە کەمێک فراوانتر دەبێت و لە کۆتاییدا دەمەکەی باریک دەبێتەوە، لە بنەڕەتدا بۆ چنینەوەی میوە لە درەخت بەکار دێت، یان بۆهێنانەوەی ترێ و هەنجیری ڕەزو باخ سوودی لێ دەبینرێت، دواتر دەکرێتە ناو سەبەتە یان سەوەتەی گەورەتر، کە لە ئێستادا بووە بە سندوقی پلاستیک، جاران میوەو سەوزەیان دەکردە بەرچنەو لە کەرو وڵاخیان بار دەکردو دەیانبرد بۆ شار. جاران لە گوندەکان کە تا ئێستاش لە هەندێک ناوچە بەردەوامە، لەم وەرزەدا کە گەرمەی ترێیە هەموو ئێوارەیەک یەکێک لە ئەندامانی خێزان، کە زۆری کوڕی گەنج و گەورە کچی بە تاقەت، چووە بۆ ناو ڕەزی خۆیان بەرچنەیەک ترێی نایابی هێناوەتەوە بۆ ماڵەوە، بۆ ئەوەی دوای نانخواردن خۆیان یان میوانەکانیان وەک شەوچەرەی ئەم وەرزە بیخۆن، ئەم کارە تا ترێ تەواو دەبوو هەموو ئێوارەیەک دووبارە دەبۆوە.



# خاڵخاڵۆکە

عەلی حەمەڕەشید بەرزنجی

خاڵخاڵۆکەی پڕ لە خاڵ
خۆشەویستە لای منداڵ
بۆیە بۆ ئێمەی نازدار
بووە بە ناوی گۆڤار
گۆڤارێکی ڕازاوە
پڕ چیرۆکە و هۆنراوە
زانیاری و بابەتی جوان
سودبەخشن بۆ منداڵان
بەدەنگی بەرز هەموو
گۆرانی دەڵێن زوو زوو
خاڵخاڵۆکە پێشکەوێ
ناوی زیاتر دەرکەوێ

